ژمارەی گیانلەدەستدان لە غەززە گەیشتە ٣٤ هەزار کەس

وەزارەتی تەندروستی فەلەستین رایگەیاند، بەهۆی بۆردومان و هێرشەکانی ئیسرائیل بە سەر کەرتی غەززە تاوەکو ئێستا ٣٤ هەزار و ٣٨٨ کەس گیانیان لەدەستداوە و ٧٧ هەزار و ٤٣٧ کەسیش بریندار بوون.
دەشێت، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری رابردوودا ٣٢ کەس گیانیان لەدەستداوە و ٦٩ کەسیش بریندار بوون.

ئاماژەی بۆوەش کرد، لە سەرەتای دروستبوونی جەنگی نێوان حەماس و ئیسرائیل لە رۆژی ٧ـی تشرینی یەکەمی ساڵی رابردووەوە تاوەکو ئێستا لە کەرتی غەززە ٣٤ هەزار و ٣٨٨ کەس گیانیان لەدەستداوە و ٧٧ هەزار و ٤٣٧ کەسیش بریندار بوون.

ئۆوشی خستە روو، لەناو ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستداوە زیاتر لە ١٤ هەزار و ٥٠٠ کەسیان منداڵن و زیاتر لە هەشت هەزار و ٤٠٠ کەسیشیان ژنن، هەروەها زیاتر لە هەشت هەزار کەسیش بەسەروشوێنن